

# دەرگـــــــــــا

یوسف خەلیل

دەمەوێ لە دەرگاکانی قەدەر بدەم .. زۆر گەڕام نەم دییەوە ، لە گەڵێ دەروازەی دیکەم دا و قفلێ و ژەنگی پەنگ خواردووم شکاند ..فرەیی پۆخلێ لە نەمان نەدەهات! تا تێوەی ژەنی بۆنی بۆگەن دێ ! بە نۆش کردن لە پەلوپۆ دەکەویت ، گەر بێتوو سەری بنێیتەوە دەبێت کلۆمی دەرگاکانی هزر چەندین جار قفلێ دەیت جا ملکەچانە رێدەکەیت ! !

لەبری بەرەو خۆر هەنگاوەکان بەڕێ بخرێ .. بەرەو سێبەر و نشێوەکان .. خەندەی نەوەکان زیندە بەچاڵ دەکرێن ! ئەوسا دەکرێت بڵێین ژینی پڕ لە گەندەڵ ،زۆرن ئەوانەی پێ لە مرۆ دەنێن و بەسەر سەری هەمووانەوە گێلانە دەخنێنەوە .. پێدەچێت بێ دیدەبن ! نە دەکرێت بەرەو پێش رێبکەن نە رابردوو بەسەر بکەنەوە ! چەقیوانە و ملکەچانە رێدەکەن بۆ کوێ ؟ تەنها تێری و پۆشتەییان دەوێ وەلامی پرسیارە کانیان بۆ بداتەوە ،ئەم کەشتییەی مەلەی تێدا دەکەین بێوزە و بێسەوڵ و بێشنەی بایە کەس نییە ئاخێکت بۆ سارێژ کات ..

دەبێت هەموو شتێك بیت ! بۆ ئەوەی لە کاروان دانەبڕێی و بێ نانی رۆژانەش نەبیت ! لەم مەزرای چاوەڕوانییەدا سوپاس ونە و وەچنگ ناکەوێ ! زۆرجار باری شان و باری هزر و چەمکی شەپۆلەکانی نڤار هێندە گران دەبێت دەتەوێ هانا بۆ پەشیمانی ببەیت .. گومان پاشگەزت دەکاتەوە .. ئێدی رێگە چارە خۆی ون دەکا و دادی هەناسە تاساوەکانت نادات ..دەکرێت وێڵانە هەنگاو بنێین !

هەن زۆرجار قەدەر بووەتە دووا خۆزگەی ئاوات بۆیان .. دەکرێت پێشبینی ئەوە بکەین و بڵێین ماڵێکە بۆ ئەو هەنگاوانەی بەرەو پاش رێدەکەن و دەرگاکانی بیرکردنەوەیان کڵۆم داوە ..هەرگیز چاوەڕوان ناکرێت قەدەر ئاوو رۆحی پڕ گەوهەری داهێنان ئاوەدان کات ، تەنها دەرگاکانی چارە برەو دانە بە ماندووبوون و نەوەستان لە کار و کردەی بە مرۆیی بوون ، ئەمەش ژییان فێرت دەکات بەم قوتابخانەیەدا بە بەردەوامی رێبکەیت ! تا بتوانیت مۆم بیت بۆ دەورروبەرت و ئاسودەیی بهێنیتە کایە ..ئارامانە کاروانی تەمەن بە رێبکەیت و دڵخۆش بیت بەوەی دەیکەیت ! تا چەند توانیت رێبکە و بوونیەتی خۆت بسەلمێنە ..لە کوێدا پەکت کەوت و جێمای ..گوریسەکە بدەرە دەست دەروێشێکی دیکە تا گەر لووا و وەدەست هات ..کاروانەکەت بگەیەنێتە مەنزڵگا ! ! بەمەش دەکرێت بسەلمێنرێ کە شتێکت کردووە و دونیای مرۆڤت بەرەو ئایندە بەڕێکردووە